


سایەقی ماتۆڕەکەمان خەریکی لێخوڕینی شاحینەیەکی گەورە بوو، ئێمەش چوینە بەردەم شاحینەکەو وتمان: ئەرێ برا بەم شتە زەبەلاحەوە بەرەو کاملا نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟ وتی: لاچن لەبەر لوتما با وەکو شێلم نەتانشێلم، وتمان: باشە بەس تێمانگەیەنە خەریکی چیت؟ وتی: ئەوەی راستی بێ دیسان نوری مالیکی ورێنەی داگرتنی ئاڵای کوردستان دەجوێتەوەو ئەمجارەیان کۆنسێرتی کاوێژکردنەکەی دەباتە کەرکوک، منیش ئەم شاحینەیەم پڕکردووە لە ئاڵای کوردستان و دەیبەم دابەشیان دەکەم بەسەر ماڵ بەماڵی ئەو شارەداو هەرچیشی لێ مایەوە بەکوێرایی لوتی دوژمنان دەیهێنم بۆ بەغا!!



# مەلەوانی و رۆژنامەوانی

رووداو:
خەڵکی کوردستان بایەخ
بە ددانەکانیان نادەن
گەپ: ئاخر خێرا قووتی دەدەن، خەمیانە
دراوسێکانیان لێیان بدزن!
چەتر: گەڕانەوە بۆ سفر یان ژێر سفر
گەپ : بەگوێرەی فەسڵەکەیە، مادام
زستانە ژێرەکەیەتی!
یەکگرتوو: نا بۆ توندوتیژی بەرامبەر بە
خۆت.
گەپ: دڵم خۆش بوو وامزانی
بەرامبەربە ژنان دەڵێی!
هاوڵاتی: ئەو جەنگەی منداڵان
بەرێوەی دەبەن.
گەپ: دوکانی تۆنتەرقە فرۆشەکان
بەرهەمەکەی دەخۆن!
رێگای ئازادی: بڕیارێکی خوێندنی باڵا
سوننەو شیعە بەگژ یەکدا دەکات.
گەپ: دیارە لەسەر شەهادەی فلسەفەو
ئەقل و ئیدراکە!
چرکە: پرسی
جیاکردنەوەی
دەعوەو سیاسەت.
گەپ: تۆ بیانکە بە کوردی هەتا تێبگەین!
شۆک: عێراق لە دوریانی دابەشبوندایە.
گەپ: بە چواررییانیش مەمنوون بە!
میدیا: کورد لە کوێی بەهاری
عەرەبیدایە؟
گەپ: لە ناوچە جێناکۆکەکانیەتی!
چاودێر: جەژن و حکومەت.
گەپ: هەرکامێکیان دەوام بکات ئەوی
تریان عوتڵەیەتی!
ئاوێنە: کۆبونەوە پێنجقۆڵیەکان دەنگی
نەما
گەپ: لە داخی چەواشەکانی عەیب نەبێ
چەند جەریدە نووسێک.
کوردستانی نوێ: کچانیش جگەرە
دەکێشن
گەپ: بۆ چییان لە کوڕان کەمترە !
بەڵگە: بۆچی ئۆپۆزسیۆن پەلەیەتی لە
هەڵبژاردنی
ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ؟
گەپ: حەز ئەکات بەختێکی تری
خۆی تاقی بکاتەوە!
خەبات: ئەوەی ئافرەت لە پیاوی
دەوێت.
گەپ: پێی نەڵێ چەنت خەرج کردووە!
ئاڵای ئازادی: لەسەر ئەوەی
کەلوپەلی قاچاخم گرت گوازرامەوە.
گەپ: خەتای خۆتە.. بۆ ئەیگریت؟!
سقیل: شەقڵاوە ساڵانە ٧٠٠ تەن
زبڵ و خاشاکی هەیە.
گەپ: خەرمان بەرەکەت!
باسک: قوربانی کردن قرکردنی
ئاژەڵان نییە
گەپ: راست ئەکەیت،
قەڵاچۆکردنیەتی..
گوڵان: قورسی کتێبەکان قوتابیانی
بێزار کردووە
گەپ: لە سویدیش وایە!

# کۆمەڵایەتی

معامەلات و واسطەو
بەرتیل





بابان
سلێمانی





## نوکتەی سەفەری

* لە کابرایەکیان پرسی ناوی هونەرمەندێکی هەولێری بڵێ،وتی:تخوا ئەوە پرسیارە،حەمە رەوف کرکوکی.
* کابرایەک بورایەوە،وتیان ئاوی بۆ بێنن با بێتەوە هۆش خۆی،کابرا هەستایەوە وتی،ئاوی ناخۆم بیبسیم بۆ بینن.

بۆچوون



رۆستەم زادە
- خامۆ -




نووسینی:
عەبە سی فاق

# تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات

(( فەوزا ))

**تەحلیلی سیاسی:**

بەزم و ڕەزم و هەراو هوریاو فەوزا لەڕوی سیاسییەوە شتێکی مەترسیدارەو زەرەر لە ئەمنی قەومی دەدات، وەک هیممەت و بەرەکەتی ئەم فەوزا سیاسیەی کە حاڵی حازر لە عێراقێکی دیموکماتۆڕیدا بە چاوی حیکمەت و بە عەینەکی حوکمەت دەبینرێ، بارودۆخەکەش هەرکەس بۆخۆی چیلکەی مادی و مەعنەوی تێدەژەنێ.

**تەحلیلی کۆمەڵایەتی:**

ئەگەر بە دوربینی کۆمەڵایەتی لە قەدو باڵای فەوزا بڕوانین دەبینین هەموو شتێک بۆتە گاڵتەقینە، بۆنمونە: شۆستەکان بونەتە شوێنی تەراتێنی ماشێنەکان و جادەکانیش بونەتە پێشانگای قەنەفەو مێزو کورسی و تەپڵەکی کۆمپانیاکان، یاخود منداڵێک بە ڕیشی سپییەوە شەو تا بەیانی مەسیج بۆ پیرەژنێکی ئیمڕۆ دەنێرێ.

**تەحلیلی ئابووری:**

ئابورییەوە بریتییە لە ترشاندنی بڕی موچەی جیاواز لەنێوان فەرمانبەرو پۆلیس و پێشمەرگەو ئاسایش و مامۆستاو مودیرو وەزیرو گزیرو پەرلەمانتارو تا دەگاتە نابیناو کەمئەندام، جیاوازییەکەش لەوەدایە یەکێ بە دوو پەنجە وەریدەگرێ و یەکێ بە دوانزە گیرفانەوە دێت و یەکێ بە فەردەوەو یەکێ بە لۆرییەک و سێ چوار حەماڵەوە تەشریف دێنێ و تۆش ئاو بێنەو قاچت بشۆ!!



## هەر لۆ فشەی

### شێخە فشە

بەدکتۆری گۆت: دختۆر ماوەیەکە هەرلۆفشەی مشەوەشم، دەرێی جنم هەیە. ئەوهادەکەیم چشتەکی بزر دەکەم، ئەوی دەبینمەوە، چشتەکی دی بزر دەکەم، ئەویَ ڕۆژیَ لە شەرواری دەگەڕام شەرواریشم لەپیَ دابوو، نازانم لۆ وەم لیَهاتیە؟ دختۆر بەخوای شێت نیمە تیَم بگە، یان دونیَ لە عەینەکە نوێیەکەی دەگەڕام، عەینەکە کەونەکەم دیتەوە، ماشەڵا دەردوبەرای خوای هەند زۆرە پیاو ئاگای لەخۆنەبی هەرلۆفشەی توشی سەدان نەخۆشی دەبی، دختۆر ئیحمە ئیحمەکی کردو گۆتی: ئاسانە هەندە بیری خۆتی پێوە ماندی مەکە فشەیە چ نیە، کارنیە خوا نەیکاتە بزن، (خالە خزمی) گۆتی: دختۆر بەخوای ئاگام لەخۆنەمایە (هەبی و نەبی) سیعری ڕەشم لیَکرایە، دختۆر توخوا زوو عیلاجم بکە دەنا فەوتایمە، دختۆر گۆتی: کاکی من بەخوای ئەمن نەخۆش بم ئەتوو بەرات لیَ نییە، بەس مادام عەزت لیێیە هەرلۆفشەی فەعست دەکەم، دەدرێژبە بابزانم... دختۆر دەوروبەری خۆی گەڕا، کورە تازە لیَرەبوو چی لیَهات ئای ئەتوو برۆنیَ وەڵڵا سەیرە هەرتازە لیَرەبوو.. ناو جەکمەجەکان گەڕا سەرمێزو بن مێزی هەمووی گەڕا هیچ دیار نەبوو، دختۆر هەر لەبەرخۆی پرتە پرتی بوو، ئەو جاوەرە شێت مەبە خالە خزمی گۆتی: ئەریَ دختۆر ئەمن تامە، ئەتوو چ بەراتە، دکتۆر گۆتی: مەشەڵڵا هەندەت گۆت ئەمنیش تووش هاتم، ئەوە لەدوو سەماعەکەی دەگەڕێم فەحست بکەم، خالە خزمی گۆتی: ئەدی دختۆر ئەوەنیە بەملتەوەیە؟ دختۆر دەستی لۆ سەماعەکەی بردوو گۆتی: ڕاستیان گۆتیە: ئەوەی لەگەر شێتان بژی مەسیری هەر شێت بوونە!



بۆچوون

### مۆبایلە شیعر

بلەنۆکیا

فاتە دویَ شەو لەخەوما
تەعینی کردم حکومەت
زۆر کەیف خۆش و دڵشاد بووم
منی داماو و نەگبەت
موچەی مانگێکم وەرگرت
خێرا نامە گیرفانم
دەستیَ جلی جوانم سەند
بۆ فاتەی دەستگیرانم
چووم بۆ کەباب خانەیەک
تێرم کرد سکی برسی

خەڵکی ڕێزیان ئەگرتم
لە ئەحواڵمیان ئەپرسی
ماشێنی ئاخر مۆدێل
لەژێرمابوو لە خەوما
لەتاو ئەم خەوە خۆشە
وەخت بوو هین کەم بەخۆما
فاتە چیبکەم کەخەوبوو
قوری کویَ بکەم بەسەرما
جوابی مەسیج نادەیتۆ
تێل دامەخە بەسەرما

# به ئاوەژوویی ڕاستە



**نەجات حەمید**
هەولێر

موژده موژده....ڕیکلام ڕیکلام ڕیکلام.....هەرچیەکت دەویَ لە بەردەستەو تەنانەت خەونەکانی گرۆگاڵی منداڵیشت بۆ دێنینە دی،دەتەویَ بەهەشت ببینی،فەرموو ئەوە دەشتی بەهەشتە تیایدا بحەسێوەوچەرەزات بتەقێنەو لە لێواری دەریاچەکانی پاڵکەوەو سێوو پرتەقاڵ دێنە نێو دەستت،،ئەتەویَ فێری ئینگلیزی بیت،فەرموو ئەوە خولێکی یەک مانگییە دبیتە باشترین زمان زان،تاقەتت نەبوو بچیتە خول،فەرموو ئەوە کتێبی (فێری ئینگلیزی بە سیَ ڕۆژ) ئەتکاتە ئینگلیزی زانێک،ئینگلیزەکان حەسوودیت پیَ دەبەن، ئەتەویَ ببی بە میر؟ هیچت پێویست نیە جۆرێک برنج بخۆ ئیتر بە قودرەتی برنج دەبی بە میرو حاشیەو کەنیزەک بە دەورو پشتتدا سەما دەکەن. دەتەویَ سەگەکەت قسە بکا وپرتەقاڵ وەکو شەربەت لە دەمیەوە دەرچیَ،ئاسانە شەربەتێک هەیە بیکڕەو دنیا دەبێتە شەربەت،دەتەویَ ببیتە سیحربازو تۆزو گەردی بیابان و تەنانەت گەرداوی تسۆنامیش لە جێی خۆی ڕاگریت،هیچت ناویَ ‘تەنها یەک بیبسی هەیە بیخۆی لە فڕۆکەش تیژڕۆ تر دەبی،دەتەویَ بە قەد داینەسۆرێک نان وچەوری وگۆشتی برژاوو سوورکراو بە تەنەکە بخۆی،

ئای کە ئاسانە،هیچت ناویَ،شەربەتێکی گاڤسکۆن بخۆ،تاقمی ئاگر کوژێنەوە دەچنە ناو گەدەت وچی گەرمی و ووزە هەیە لە لەشت دەیتوێنێتەوە .دەتەویَ دەم وچاوت لە زیبکەو بالوکەو گوڵە بەڕۆژەی شەباب وتامێسکەو پەڵەی ڕەشو مۆر ڕزگار کەیت ودەم وچاوت لە شووشە سافتر بێت؟ هەر لە خۆی ئاسان تر نیە،مەلحەمێکی هەزار بە دوو هەزار هەیە،یەک جار بە دەم وچاوتیا بێنە ئیتر دەبیتەوە کوڕی پێنج ساڵان،ئەگەر کچیت و دەتەویَ شوو بکەی؟ شتی وا ئاسان لە دنیادا نیە،شامپۆیەک هەیە،بە کاری بێنە ئەگەر نا بۆنێک هەیە لە خۆتی دە،ئیتر چی گەنجی دنیا هەیە لە دەرگای ماڵتان سرە دەگرن بۆ خوازبێنی،دەتەویَ بە یەک چرکە لە لافاو ڕزگارت بێت وچوار ئیقلیمی دنیا بە یەک چرکە تەی بکەی؟ هەر زۆر بە جێیە فەرموو سەیارەیەک هەیە دەتکاتە سوپەرمانی ئاخر زەمان .ئێستا من تێناگەم خەڵکانێک هەن بە خۆیاندا چوونەتەوەو باوەڕیان بە شێلمان هاویشتن نەماوەو تۆبەیەکی نەسووحیان کردووە،ئەی ڕیکلامچیە کیشوەربڕەکانی عەرەب وکورد ئێوە بۆچی تازە بە تازە دێنەوەو نەک خۆمان،بەڵکو منداڵەکانیشمان فێری شێلمان نەک هاویشتن بەڵکو دروست کردنیش دەکەن؟

## عال گۆرانی



دەهۆڵ کوت

گوڵە بۆ دەڕۆی کوڵ بەکوڵەوە
دوو قوتابیم دی ئا لەو دۆڵەوە
نازمەکە نازمەکە خۆتم لیَ نەناس مەکە
ئەتکەمە سکرتێرە لای مێردەکەت بەس مەکە
چاوی جوانە لەیلا بۆتۆ مردم لەیلا
حکومەت تەعینات کوا؟ وا کەوتمە واوەیلا
بە ئاوی ئەنگور بەمەی پەروەردە
دۆشکەیەکم سەند لە ترسی جەردە
مەرۆ مەڕۆ نێو نەمام نایەیتەوە دڵنیام
باوکم هاتەوە لەحەج یەک تەسبیحی بۆ هێنام
بەلەنجەگیان بەلەنجە ئۆخەی بەلارو لەنجە
لەڕوی ناپاڵمەوە ئاوەدانە هەڵەبجە
تا دوێنیَ یاری خۆم بوی بۆچی ئەمڕۆ لێم پەستی
بەڕاستی گوند ناخۆشە ئەچم بۆ فلورییاسیتی
ئەو دووچاوە شینانەت شێت و شەیدایان کردم
بەخوا کۆڕەک و ئاسیا تەواو ئیفلاسیان کردم
ماڵمان لێرە بار ئەکا ئەچیَ بۆ نێو خەڵەکان
ئەوکچە بەنیوە پۆشتە چوو بۆ بینینی حاجییەکان